من کۆتا کەس دەناسم کە لە دۆزەخ دەردەچێت، وکۆتا کەس دەناسم کە دەچێتە بەهەشتەوە. پیاوێکە بە گاگۆڵێکەوە دەردەچێت، خوای گەورە -عز وجل- پێی دەفەرموێت: بچۆرە نێو بەهەشتەوە، وا دێتە پێش چاوی کە پڕ بووە، دەگەڕێتەوە ودەڵێت: ئەی پەروەردگار، بینیم پڕ بووە

لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «موسا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە پەروەردگاری کرد: «کێ نزمترین پلەی هەیە لە خەڵکی بەهەشت؟» خودا فەرمووی: «پیاوێکە دێت پاش ئەوەی خەڵکی بەهەشت چوونە بەهەشت، پێی دەووترێت: بچۆ بۆ نێو بەهەشت. (پیاوەکە) دەڵێت: ئەی پەروەردگار، چۆن (بتوانم بچمەوە بەهەشتەوە) لە کاتێکدا خەڵکی لە خانوو وشوێنەکانی خۆیان نیشتەجێ بوون، وئەوەی پێیان بەخشراوە وەریانگرت؟ پێی دەووترێت: ئایا ڕازی دەبیت هێندەی مولکی پادشایەک لە پادشاکانی دونیات هەبێت؟ (پیاوەکە) دەڵێت: ڕازی دەبم ئەی پەروەردگار. خودا دەفەرموێت: ئەوەت پێدەبەخشرێت وچوار هێندەی ئەوەش. لە پێنجەم جاردا پیاوەکە دەڵێت: ڕازی بووم ئەی پەروەردگار. خودا دەفەرموێت: ئەمە بە تۆ دەبەخشرێت ودە هێندەی ئەمەش، وهەرشتێک حەزت لێبوو وئارەزووت کرد وچاوت چێژی لێوەربگرێت پێت دەبەخشرێت. (پێغەمبەر موسا -علیه السلام-) فەرمووی: ئەی پەروەردگار، ئەی ئەوەی بەرزترین پلەی هەیە لە بەهەشتدا؟ خودا دەفەرموێت: ئەوانە کەسانێکن ڕێزلێنانیان بە دەستەکانی خۆم ڕواندوومە، ومۆرم لەسەری داوە، بۆیە هیچ چاوێک نەبینیووە، وهیچ گوێیەک نەیبیستووە، و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێک نەهاتووە (هیچ مرۆڤێک بیری لێ نەکردووەتەوە)». ولە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من کۆتا کەس دەناسم کە لە دۆزەخ دەردەچێت، وکۆتا کەس دەناسم کە دەچێتە بەهەشتەوە. پیاوێکە بە گاگۆڵێکەوە دەردەچێت، خوای گەورە -عزوجل- پێی دەفەرموێت: بچۆرە نێو بەهەشتەوە. وا دێتە پێش چاوی کە پڕ بووە، دەگەڕێتەوە ودەڵێت: ئەی پەروەردگار، بینیم پڕ بووە! خوای گەورە -عز وجل- پێی دەفەرموێت: بچۆرە نێو بەهەشتەوە. وا دێتە پێش چاوی کە پڕ بووە، دەگەڕێتەوە ودەڵێت: ئەی پەروەردگار، بینیم پڕ بووە! خودا -عز وجل- پێی دەفەرموێت: بچۆرە نێو بەهەشتەوە، هێندەی دونیا بە تۆ دەبەخشرێت ودە هێندەی ئەوەش؛ یان دە هێندەی دونیا بە تۆ دەبەخشرێت. (پیاوەکە) دەڵێت: ئایا گاڵتەم پێدەکەیت، یان پێم پێدەکەنیت لە کاتێکدا تۆ پادشایت (الْمَلِكُ)یت!». ئیبن مەسعود دەڵێت: بینیم پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێکەنی هەتا خرێکانی ددانی دەرکەوت، و-صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «ئەوە نزمترین پلەی کەسێکی خەڵکی بەهەشتە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ڕوونکردنەوە فەزڵ وبەخشینی خودایە وهەروەها ڕێزلێنانی ئەو زاتەیە مەزنەیە لە ئەهل وخەڵکی بەهەشت ومەزنی پلەوپایەیان، بە شێوەیەک ئەو کەسەی کە نزمترین پلەی هەیە لە بەهەشتدا چەندەها چەندەها هێندەی هەر پادشایەکی دونیا مولکی هەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10405